# ئیعترافی یەکێتی بە پەلکێشکردنی تیرۆریزم بۆ سەر کوردستان و ئایندەیەکی تر

ئاسۆ کمال

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە راگەیاندنی نەوروزدا دانی بەوەدانا کە ئەگەر پرۆسەی سیاسی عێراق سەرکەوتو نەبێت خەتەری پەل هاویشتنی تیرۆریزم کوردستانیش دەگرێتەوە بۆیە سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بە قازانجی خەڵکی کوردستانە. ئەمە ڕاگەیاندنی حزبێکە کە سکرتێرەکەی ئێستا سەرۆکی "دەوڵەتی" عێراقە و ئاگاداری رۆژانە و سەروبەری ئەو هێزانەیە کە ئەم بەناو پرۆسەی سیاسیە دەبەنە پێشەوە لە عێراقدا. ئەمە ئەو زەنگی خەتەرەیە کە دەبێت لەلای خەڵکی کوردستان بەجدی وەربگیرێت و خەڵك یەکێتی و پارتی بەبەرپرس بزانێت لەم خەتەرەی ئەمڕۆ ڕوبەڕوی ئایندەی خەڵکی کوردستان بۆتەوە و لەپێناو لابردنی ئەم خەتەرەدا ڕێگاچارەی فەوری هەڵبژێرێ تا کار لەکار نەترازاوە.

ئەم ئعیتراف کردنەی یەکێتی بەم خەتەری پەلهاویشتنی تیرۆریزمە بۆ سەرکوردستان، نیشانەی فەشەلی سیاسەتێکە کە یەکیتی وپارتی لەدوای ڕوخانی بەعسەوە گرتویانەتە بەر ئەویش بە پاشکۆکردنی جاریکی تری کوردستانە بۆ عێراق. بەلام یەکێتی بەپێچەوانەوە سەرەرای ئەم ئیعترافە دیسانەوە ڕێگای درێژەپیدانی ئەم ڕیگایەی ئێستایان بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەسەپێنێتەوە و بەم پێیە سوورە لە پەلکێشکردنی ئەم تیرۆریزمە بۆ سەر کوردستان.

دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس هەرچەند حزبە ناسیونالیستە دەسەلاتدارەکانی کوردستان بەشداریان لە پرۆسەی سیاسی عێراق و هەلبژاردنەکان و دەستوردا کرد، بەلام ئەم پرۆسەیە نەبوە مایەی تێکەلاوبونەوەی سیاسی و کۆمەلایەتی و تەنانەت ئابوری کوردستان لەگەڵ باقی عێراقدا. ئەم پرۆسەیە بریتیبوو لەنەخشەی تەقسیمی دەسەلات بەپێی مەزهەب وقەومیەت و ڕێکەوتنی سیاسیانە لەسەرەوە و دابەشکردنی پۆستەکانی دەسەلات لە مەرکەزدا و وەرگرتنی بودجەیەك بۆ کوردستان. وەزعی سیاسی عێراق لەپاڵ ئەم پرۆسەیەی بەسەرپەرشتی ئەمریکا بۆ سازدانەوەی دەسەلات بەرێوە دەچوو، هاوکات شەڕی هێزە سونیە ئیسلامی و بەعسیەکان و تیرۆریزمی ئەلقاعیدە دژی ئەمریکا و دژی هێزە شیعە دەسەلاتدارەکانیش بەشی تەواوکەری بوو. بەم پێیە باردودۆخی نائەمنی و شەڕی دەسەلات لە عێراقدا بۆ خۆی ئەجیندای تایبەتی خۆی هەیە و کوردستان وەك حالەتیکی شاز لەم چوارچیوەیەدا حساب دەکرێت. باڵادەستی فکری و سیاسی ئیسلامی سیاسی لە عێراقدا و تەبدیل بوونی هێزە شیعە وسونیەکان بە چوارچیوەی کۆمەلایەتی بۆ پاراستنی ئەمنیەتی خەڵکی هەر ناوچەیەك و بەم پێیە سەپاندنی دابەشکردنی تایفی بەسەر ژیانی خەلکدا، چوارچیوەیەکی سیاسی جیاوازی داوە بە ململانێی سیاسی لە عێراقدا کە کوردستان ناتوانێت بەشێك بێت لەم ململانێ سەراسەریە و چوارچیوەیەکی تەواو جیاوازی هەیە. ئەوەی یەکێتی و پارتی بەهۆی پاشکۆییان بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا لەعێراق و چاولەدەست بوونی ئەمریکا بۆ هێشتنەوەی ئیدارە محلیەکانیان ئەمڕۆ وەزعی سیاسی کوردستانیان کردۆتە پاشکۆی ئەو بەناو پرۆسە سیاسیەی عێراق، لەواقیعدا ئیلحاقێکی ئیجباریەیە کە لەسەرەوە بەزۆر ڕاگیراوە و کوردستان لەو کێشە و شەڕانەدا هیچ بەرژەوندیەکی نیەیە. بەلام ئەم نەخشە فۆرمالیەی یەکێتی وپارتی لە دەسەلاتی مەرکەزیدا هەیانە لە نزیك خستنەوەی خەتەری ژێردەستەبونەوەی کوردستان و بونە قوربانی شەڕی دەسەلاتی شیعە و سونە و زەمینە خۆشکردن بۆ بەهێزبونەوەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان دەور و کاریگەری هەیە. هەڵبژاردنەکانی تا ئێستا و رفراندۆمی دەستوور دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە وەزعی دیفاکتۆی کوردستان لەم پرۆسەیەدا بە زیانی سەربەخۆیی و دوبارە چوونە ژێر رەحمەت ورکێفی حکومەتی ئیسلامی وعەرەبی عێراق رۆشتۆتە پێشەوە. بەلام ئەگەر یەکێتی وپارتی توانیویانە لەسایەی ئەم پرۆسە بەناو سیاسیەدا ببنە خاوەنی ملیارەها دۆلار و پۆستی سەرۆکایەتی ئەوە ئەمڕۆ باجەکەی دەبێت خەڵکی کوردستان بیداتەوە کە خەریکە دەکەوێتە ژێر خەتەری پەلهاویشتنی تیرۆریزمی ئیسلامی و تەدەخولی ئیران وتورکیا و قوربانی شەڕی ناوخۆی هێزە شیعە وسونەکانی عیراقەوە.

ئەمڕۆ لە کاتیکدا شەڕی دەسەلات لەنیوان شیعە وسونە و لایەنگرە ناوچەیی و نیودەولەتیەکانیاندا کڵپەی سەندوە و ئەم پرۆسە بەناو سیاسیە ولەواقعدا جەنگیە هەرەسی هێناوە بە هەرچی ئارامی و جێگیریە لە عێراقدا و تەنانەت کاریگەری لەسەر ئایندەی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستیش داناوە، ئیتر دانیشتن بەدیار ڕاگەیاندنی ئومێدبەخشانەی تاڵەبانی بەوەی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە لەقازانجی خەڵکی کوردستانە خۆگێل کردنە لەو خەتەرەی ڕوبەڕوی خەڵکی کوردستان بۆتەوە و خۆکردنە قوربانی درێژەکێشانی پۆستی سەرۆکایەتی تالەبانی و بارزانیە. نەخشەی ئەمریکا بۆ تەقسیمی دەسەلات لە عێراقدا بەپێی مەزهەب و قەومیەت نەخشەی شەڕێکی نەبڕاوە و درێژەکێشانی پەلهاویشتنی تیرۆریزمە بۆ هەموو لایەکی عێراق. یەکێتی وپارتی ئاگایانە دوای ئەم نەخشەیە کەوتون تاکو بەشە دەسەلاتی خۆیانی تێدا بهێلنەوە و هەربۆیەش سەرەڕای ئیعترافی ئەمڕۆی یەکێتی بەو ئاکامە خەتەرانەی سیاسەتی پاشکۆکردنی وەزعی کوردستان بە عێراقەوە هێناویەتیە پێش تەنها ڕێگای خۆیان بە درێژەدانی ئەو پرۆسە بەناو سیاسیە دەزانن کە فەشەلی هێناوە.

دوای 15 ساڵ لە چاوەڕوانی و ژیانی ئۆردوگایی حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان لەبەردەم دوو ڕێیانێکدا قەراری گرتوە و رۆژ بەرۆژ دەرگاکانی بەردەمی بۆ مانەوەی ئارامی و ئومید بە جێگیری سیاسی وئابوری لەسەر دادەخرێت. ڕێگای حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان هێشتنەوەی وەزعی کوردستانە لە سایەی نادیاری و ناجیگری عێراق و درێژەکێشانی شەڕو داگیرکاری وتیرۆریزم کە هەر بەو ئیعترافەی یەکێتیدا ئاشکرایە کە کوردستان

دەبێتە مەیدانیکی ئەم تیرۆریزمە وبە ئاگری تیرۆریزم ژیان و ئایندەی خەڵکی کوردستان دەسوتی هەروەکو ژیانی ئێستای خەڵکی عێراق دەسوتێ. لەسایەی ئەم ڕاگەیاندنەی یەکیتی و سیاسەتی ئەم حزبە دەسەلاتدارانەوە ئایندەیەکی تر بۆ خەلکی کوردستان نیيە و ئەمە ڕێگای ئەوانە.

بەلام ڕێگایەکی تر ئەمڕۆ لەبەردەم خەلکی کوردستاندا هەیە و مومکینە، ئەویش جیابونەوەی لە عێراق و ڕاگەیاندنی دەولەتی سەربەخۆیە لە کوردستاندا لەرێگای رفراندۆمیکی ئازادانەوە. ئەمە تەنها ڕێگایەکە کە دەتوانێ ئەو خەتەرەی یەکیتی باسی دەکات، پەڵاویشتنی تیرۆریزم بۆ کوردستان، لەسەر کوردستان لابەرێت. ئەمە تەنها ریگایەکی عەمەلی وکارسازە کە ئەمڕۆ ڕێگە لەوە بگرێت کە ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا سوود لەو وەزعی پاشکۆیەتیەی کوردستان بە عیراقەوە وەرگرێت و بتوانێت ئاگری تیرۆریزمی ئیسلامی بگوێزێتەوە بۆ کوردستان. ئەگەر خەڵکی کوردستان دەیانەوێت 15 ساڵی تر لەسایەی دەسەلاتی میلیشیایی یەکیتی وپارتیدا ژیان بەسەر نەبەن و لەسایەی بێنان وئاو و کارەبایی ئەم حزبانەدا هێشتا فەزڵ فرۆشی ئەوەیان بەسەردا نەکریت کە لە دەست حکومەت و دەسەلاتی عەرەبی وئیسلامی دەیانپارێزن، پێویستە ئەمڕۆ داوای جیابونەوەی کوردستان و بەرپاکردنی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەن. ئەمە ڕێگا چارەیەکە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستان خستویەتیە ڕوو. ئەمە ئەرك و پەیامێکە کە کۆمۆنیزمی کریکاری لە کوردستان بەخەلکی کوردستانی دەلێت و ئایندەی پاریزراوی خەڵکی کوردستان و دورخستنەوەی خەتەری تیرۆریزمی ئیسلامی لە سەرکەوتنی ئەم ڕێگا چارەیەدایە. کۆمۆنیزمی کریکاری لە کوردستاندا بۆ وەڵامدانەوە بەم ئەرکە چارەنوس سازە پیویستی بە خۆڕێکخستنەوەی هێز و بزوتنەوەکەیەتی و هاتنەوە مەیدانێتی بۆ بینینی ئەم دەورە پێشڕەوانەیە. ئایندەی ئارامی و دامەزراندنی دەسەلاتیکی سکۆلار و دابینکردنی ئازادی وخۆشگوزەرانی و نەهێشتنی گەندەڵی بە ئامادەیی و بەهێزبوونی ئەم بزوتنەوەیە بەستراوەتەوە. لەسایەی بنبەستی ڕێگاچارەکانی ئەحزابی دەسەڵاتداری ناسیونالیستدا و گەشەی نارەزایەتی دژ بەم دەسەلاتدارانە و قبوڵ نەکردنی ئیسلامی سیاسی وەك بەدیل و چوارچیوەی ئەم نارەزایەتیانە لەلایەن خەلکی کوردستانەوە، زەمینە و فرسەتی بۆ کۆمۆنیزمی کریکاری فەراهەم کردوە تا وەکو قوتبی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن بتوانێت دەربکەوێت و ئەم واقیعەتە پیویستی فەوری کۆمۆنیزمی کریکاری لە کوردستاندا بە هاتنە مەیدان وەك حزبیکی سەربەخۆی سیاسی و جەماوەری هێناوەتە پێش.